گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/sswww585
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 31/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 31/03/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# پرەنسیپەکانی گونجان لە نێوان ئاین و فەلسەفە لای (غەزالی) (٥٠٥ ک – ١١١١ز)

خالد اسماعیل حمد[١] - کامەران عزیز عبدالله[٢]
Kamaran.aziz@koyauniversity.org - xalidismael.rania@gmail.com
[١+٢]بەشی مێژو، فەکەڵتی پەروەردە، زاکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان. عێراق.

**پوختە:**
ناونیشانی ئەم توێژینەوە زانستییە فاکتەرێکە بۆ سەلماندنی پەیوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە، کە ئەم توێژینەوەیە چارەسەری کێشەی پەیوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە دەکات، کە هەردوکیان هاوڕای یەکترن، هەرچەندە هەندێك کەس پێیانوایە ئاین و فەلسەفە دو مەعریفەی لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێت نەك هەر جیاوازن بەڵکو هاوڕای یەکترن وەك (فارابی)[(2)] دەڵێت: (چۆن ئاین وێڵی حەقیقەتە بەهەمانشێوەش فەلسەفە وێڵی حەقیقەتە). گرنگترین ئامانجی توێژینەوەش گونجاندنی نێوان ئاین و فەلسەفەیە لە دیدی غەزالیدا، کە وەك فەیلەسوف و شەرعناسێك گونجانی لەنێوان ئاین و فەلسەفەدا کردوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاین و فەلسەفە دەتوانن بەیەکەوە بگونجێن یاخود نا؟ ئایا غەزالی کە لای کەسانێك شەرعناسە توانیویەتی گونجان لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا بکات؟ ئایا پەیوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە پەیوەندییەکی ئەرێنیە یاخود نەرێنی؟
**کلیلی وشەکان:** پرەنسیپ، گونجان، ئاین، فەلسەفە، غەزالی.

# Principles of Compatibility Between Religion and Philosophy According to Al-Ghazali (d. 505 AH / 1111 CE)

**Khalid Ismail Hamad[1] - Kameran Aziz Abdullah[2]**
[2+1]Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
The title of this scientific study serves as a factor in proving the relationship between religion and philosophy. This research addresses the problem of the connection between religion and philosophy, asserting that both are in agreement, even though some individuals believe that religion and philosophy are two distinct forms of knowledge. However, this study reveals that they are not only not distinct but are, in fact, in agreement. As Al-Farabi states: "Just as religion seeks truth, so too does philosophy seek

truth." The most important objective of this research is to reconcile religion and philosophy from Al-Ghazali's perspective, as he, being both a philosopher and a jurisprudent, achieved compatibility between religion and philosophy. However, the question here is: Can religion and philosophy truly coexist? Did Al-Ghazali, whom some consider a jurisprudent, succeed in reconciling religion and philosophy? Is the relationship between religion and philosophy a positive or negative one?

**Keywords**: Principles, Compatibility, Religion, Philosophy, Al-Ghazali.

**پێشەکی:**

غەزالی وەك فەیلەسوف و شەرعناسێکی جیهانی ئیسلامی لە هەوڵی گونجاندنی نێوان ئاین و فەلسەفەدا بوە، بۆ سەلماندنی ئەم گونجاندنەش لە چەندین کتێبی خۆیدا وەك (الاقتصاد فی الاعتقاد، إحیاء علوم الدین، قانون التؤیل)دا زۆر بە ڕاشکاوانە پرسی گونجاندنی نێوان ئاین و فەلسەفەی خستۆتەڕو.

ئامانجی توێژینەوەکەش هەڵگرتنی هەرچی ئاستەنگ و لەمپەرێك لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا هەیە هەڵبگیرێت، لەم توێژینەوەیەدا ئەمە بخرێتەڕو، کە ئاین بەبێ فەلسەفە کەموکورەو فەلسەفەش بەبێ ئاین کەموکورە و هیچیان بەبێ ئەویترنابێت.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی شیکاری ئەو ڕەهەندانە بکەین، کە چۆن غەزالی سازشی لەنێوان ئاین و فەلسەفەدا کردوە، ئاخۆ توانیویەتی سازش لە نێوان ئەو دو ڕەهەندە مەعریفەیەدا بکات.

گونجاندنی نێوان ئاین و فەلسەفە یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی، کە زۆربەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، بۆتە جێگای مشتومڕ بۆیەش پێویست بەوەدەکات کە چەندین توێژینەوە لەنێوان ئاین و فەلسەفەدا بکرێت، بۆئەوەی بگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئەم دو مەعریفەیە لە یەکتر جیاوازنین و هاوئامانجن و وێلی حەقیقەتن.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە پوختە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پێشەکی دابەشدەبێت بۆ سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم: قورئان بیرکردنەوە بە ئەرك دەزانین. لەم پرسەدا غەزالی بەڵگەی قورئانی بیرکردنەوە دەخاتەرو کە چۆن قورئان باس لە تێڕوانین دەکات، تەوەرەی دوەم: تەئویل لای غەزالی لەم پرسەدا غەزالی باس لە تەئویلی چەند ئایەتێکی قورئانی دەکات کە پێویستە ئایەتە ڕواڵەتییەکان تەئویل بکرێ، تەوەرەی سێیەم غەزالی باس لەوە دەکات کە ئایەتەکانی قورئان هەم ڕوالەت و هەم ناوەڕۆك.

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکی ڕەسەن بەستوە کە زیاتر هی غەزالین وەک (احیاء علوم الدین و قانون التأویل و المستصفی من علم الاصول و فیصل التفرقة بین الاسلام والزندقة والاقتصاد في الاعتقائد) و چەند سەرچاوەیەکیتری لاوەکەی وەکو کتێبەکانی (الحقیقة في نظر الغزالی) لە نوسینی (سلیمان دنیا)(3) و زیاتر سودمان لە کتێبی (إشکالیة التأویل بین کل من الغزالي وابن رشد) بینیوە، لە نوسینی (احمد عبدالمهمین)(4) و چەند سەرچاوەیەکیتر.

**تەوەری یەکەم: قورئان بیرکردنەوە بە ئەرك دەزانێت:**

ئامانج لەو گوتەیە ئەوەیە تاوتوێیەکی شەرعی بکەین، ئایە تێفکرین لە فەلسەفەو زانستی لۆژیك کارێکی ڕێگەپێدراوە یاخود نا. چ لە ڕەهەندی شیاوەکیەوە و چ لە ڕەهەندی پێویستیەوە، غەزالی دەڵێت: ((کاری فەلسەفە جگە لە تێفکرین وتێڕوانین بۆ هەبوەکان شتیکیتر نییە)). (الغزالی، 2004: 6/ 250) ئەمەش گوزارشتکردنە لە بەڵگەی بونی بەدیهێنەر،

بونەوەرانیش بەڵگەن لەسەر ناسینی بەدیهێنەر. شەرع دەبێتە شوێنگرەوە و گوزارشت لە بونەکان دەکات، و بە شێوەیەك ئەم بەڵگە ناو دەنێت (واجب الشرع) بەڵام شەرع بانگەشەی بونەوەران دەکات لە ڕێگەی عەقڵەوە. وخوای گەورە دەفەروێت: **(فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ)** (الحشر: 2) واتا پەندوەربگرن ئەی خاوەنانی بیروهۆش، (ابن کثیر،2014: 341/5) ئەمەش بەکارهێنانی قیاسێکی عەقڵی یاخود عەقڵی شەرعی لەگەڵیدا هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:**(وَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ)**: ١٨٥ واتا ئایە ئەوانە ناڕوانن لەو موڵکە گەورە و فراوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە و لەو شتانەی خوای گەورە دروستی کردون.(ابن کثیر،2014: 535/2)

ئەو تێکستەش هۆکارێکە بۆ تێفکرین لە تەواوی بونەوەر و شەرع پێویستی کردوە بە عەقڵ لە بونەوەر وردبینەوە وتێبفکرین ئەمەش گوزارشت کردن نیيە لە شتێك کە زیاتر بێت لە هەڵهێنجانی دیار لە نادیار. ئەو قیاسەش وەك قیاسێکی پێویست کراوە بۆ ئەوەی لە بونەوەر ڕابمێنێت، ئەم جۆرە تێفکرینەش واتای ئەوەیە کە شەرع بانگەشە بۆ ئەوە دەکات و سورە لەسەر ئەوەی کە ئەمە تەواوی جۆرەکانی قیاسە و ناوی نراوە بەڵگە (برهان).

بە شەرعی بونی قیاس: لەسەر قسەکار پێویست نییە بڵێ: ئەو جۆرە قیاسە عەقڵییە یان بیدعەیە. (الموسوی، 1989: 227)

بەو شیوەیە پێویستە باوەڕمان بە قیاسی عەقڵ هەبێت وبڕیاربدەین کە شەرع تێڕوانینی قیاسی عەقڵی وجۆرەکانی پێویستکردوە، هەر وەکو چۆن تێڕوانینی قیاسی فیقهی واجب کردوە. ئەمەش ڕون دەبێتەوە هیچیان پێش ئەوەیتریان نەکەوتوە. بۆیە لێرەدا پێویستە تاوتۆیی قیاسی عەقڵی بکەین، پێویستە لەسەرمان تاوتوێبکەین وپەنابەرینە بەر پشت بەستن وداواخستن هەتا دەیانناسین ئەمەش شتێکی قورسە کەسێك بتوانێ تێبگات. ئەمەش شتێکی قورسەیەکی لەو شتانە هەڵبهێنجنین کە پێویستمانە بۆ ناسینی جۆرەانی قیاسی فیقهی بەڵکو ناسینی قیاسی عەقڵی بەم شێوەیە ئازادە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە کتێبە پێشینەکان تێڕوانینیان پێویستکردوە، لە کاتێکدا گەوهەری کتێبەکانیان و ئامانجیان بریتییە لەوەی کە شەرع جەختی لەسەر کردۆتەوە، نەهیکردنی تیڕوانین پەیوەستە بە ئەهلی تێڕوانینەوە. ئەمەش داخستنی ئەو دەروازەیە بو کە مرۆڤەکان بتوانن بانگەشەی ناسینی خوای گەورە بکەن، چونکە ئەم دەروازەیە دەبێتە ناسینی حەقیقەتی مەعریفە.

**حەق دژی حەق نییە**

کاتێك بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت کە تەواوی موسڵمانان باوەڕیان بەو شەریعەتە ئیلاهیە (حەق) هەیە و بۆمان ڕوندەبێتەوە کە تێڕوانینی بەڵگەیی پێچەوانەی شەرع نییە، بۆیە حەق دژی حەق نییە، بەڵکو هاوڕان. (الموسوی، 1988: 230 – 231)

لای غەزالی تێڕوانین پرسێکی شەرعییە وبە شەرعی دەزانێت، و پێیوایە تێڕوانین پرسێکی فەلسەفییە، و فەلسەفەش جگە لە تێڕوانین بۆ گەردون شتێکیتر نییە، بونەوەرانیش بەڵگەن لەسەر ناسینی بەدیهێنەر، واتا فەلسەفە بریتییە لە بیرکردنەوە لە گەردون و ناسینی گەردونیش بەڵگەیە لەسەر بەدیهێنەر کە خوای گەورەیە.

هەروەها غەزالی لەسەر پرسی تێڕوانین چەندین دەقی قورئانی دێنێتەوە، کە چۆن خوای گەورە باسی لە گرنگی تێڕوانینی زەوی و ئاسمانەکان دەکات، کە بیرکردنەوە هۆکارێکە بۆ ناسینی خوای گەورە. لەگەڵ ئەوەشدا غەزالی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) دێنێتەوە کە دەفەرموێت: ((بیرکرنەوە ساتێك باشترە لە عیبادەتی ساڵێك).(أخرجه ابن حبان فی کتاب العظمه(299/1) فی حدیث ابی هریرة)

توێژەر پێیوایە غەزالی چەندین فەرمودەیتر دێنێتەوە، دواتریش چەندین وتەی پێشینانی خواپەرست و شوێنکەوتوان دێنێتەوە کە باس لەگرنگی بیرکردنەوە وە تێڕوانین ددەکەن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا غەزالی فەرمودە لەسەر ئەوە دێنێتەوە

كە پێویستە مرۆڤ بیر لە دروستكراوەكانی خوای گەورە بكاتەوە نەك لە خوای گەورە، چونكە سەردەكێشێت بۆ بێباوەڕی كەواتە بیركردنەوە لای غەزالی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوكەسانەی بیردەكەنەوە.

تێڕوانین گرنگییەكی تایبەتی هەیە لای غەزالی، وەك میتۆدێك بەكاریهێناوە لەچارەسەركردنی كێشەكان بۆ ئەوەی بگاتە حەقیقەت، میتۆدی تێڕوانین لای غەزالی ئەوەیە كە پێویستە كردەوەكان ببنە بەرچاوڕونی و مەعریفە چونكە بەرچاوڕونی پێویستی بەتێڕوانین و تێفكرین هەیە وچارەسەری كێشەكانیش پەیوەستن بە وردی تێفكرین وسەرنجدانی تێڕوانینەوە. كردەوەكانیش بەهۆی تێفكرینەوە بەدەستدێن و غەزالی لە تێڕوانیندا پرسە هەستییەكان و پێویستییەكان وەردەگرێت لە تێفكرینە فەلسەفیەكاندا دەربارەی ئیلاهیات.

دەست دەكاتە توێژینەوە لە حەقیقەتی نەفسی مرۆڤ وبە بەڵگەی عەقڵی بونی دەچەسپێنێت، پاشان بە پلەبەندی بەرەو ناسینی خودا دەچێت. (المجیدل السناد- 2016: 132)

**پلەو پایەی بیركردنەوە:**

خودای گەورە لە قورئاندا بەچەندین شێوە فەرمانی كردوە بە بیركردنەوە وتێڕامان كە هەژمارناكرێن، هەر بەو جۆرە مەدح وسەنای ئەوانەی كردوە بیردەكەنەوە و دەفەرموێت: (الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)(ال عمران: 191) واتە: ئەوانەی كە یادی خوا دەكەن بە پێوە وبە دانیشتنەوە بە ڕاكشانەوە وە بیردەكەنەوە لە دروستكردنی ئاسمانەكان و زەوی ئەڵێین ئەی پەروەردگارمان جیهانت بەبێ هۆ دروستنەكردوە، پاك وبێگەردی بۆ تۆ دەسا تۆش بمانپارێزە لەسزای ئاگری دۆزەخ. (ابن كثیر،2014: 744/1)

ئیبن عەباس دەفەرموێت: دەستەیەك بیریان لە خودای گەورە كردەوە، پێغەمبەر (د.خ) فەرموی: ((بیر لە دروستكراوانی خودا بكەنەوە، بیر لە خودا مەكەنەوە، چونكە ئێوە ناتوانن بگەنە ڕادەی ئەوە)). (أخرجه أبونعیم فی الحلیة (67/6) بالمرفوع منه، بإسناد ضعیف)

غەزالی دەڵێت: ((گەر مرۆڤ بیركردنەوەی هەبێت لە هەمو شتێك پەند و ئامۆژگاری وەردەگرێت.)) (الغزالی، 2004: 6/ 256)

غەزالی دەڵێت: حەوارییەكان واتا هاوەڵان بە عیسای كوڕی مەریەمیان (د.خ) وت: ((ئەی ڕۆحی خودا، ئایا ئەمرۆ لەسەر زەوی هاوشێوەی تۆ بونی هەیە؟ فەرموی: بەڵێ، هەر كەس یادی خوا بكات و بێدەنگبونی بیركردنەوە، وتەماشاكردنی پەند وئامۆژگاری، ئەوكەسە هاوشێوەی منە)). (الغزالی، 2004: 6/ 256)

لە (أبی سعید خضر)یەوە فەرموی: پێغەمبەر (د.خ) فەرموی: ((بەشی عیبادەت بە چاوتان ببەخشن))، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بەشی چاو لە عیبادەت كامەیە؟ فەرموی: (وردبونەوە لە مەصحف و بیركردنەوە تیایدا و پەندوەرگرتن لە سەرسوڕهێنەكانی). (الغزالی، 2004: 6 / 257)

شافیعی (ر.خ) دەفەرموێت: (با لە بێدەنگی كۆمەكی وەربگرن بۆ سەر قسە، لە بیركردنەوە كۆمەكی وەربگرن بۆ هەڵهێنجانی مانا).هەروەها دەفەرموێت: (دروستی وردبونەوە لە كاروبارەكان ڕزگاربونە لە غرور – لەخۆباییبون- سوربون و لێبڕان لە بۆچوندا سەلامەتییە لە كوچڕەوی و پەشیمانی، ئارامی و لەسەرخۆیی و بیركردنەوە پەردە لەسەر لێبڕان ودانایی لادەدەن، ڕاوێژی حەكیمان دامەزرانە لە نەفسدا وهێزە لە بینیندا، بۆیە بەر لە سوربون و لێبڕان بیربكەرەوە، تێڕابمێنە بەرلەوەی

هێرش ببەی و پەلامار بدەی). ئەمانە بریتیبون لە قسەی زانایان دەربارەی بیرکردنەوە، هیچ کام لەو زانایانە دەستینەبردوە بۆ باسی ڕاستەقینەی بیرکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی مەجرای بیرکردنەوە. (الغزالی، 2004: 6 / 260)

**ڕۆشنکردنەوەی ڕاستەقینەی بیر و بەرهەمی بیر**

مانای بیر بریتییە لە ئامادەکردنی دو مەعریفە لە دڵدا بۆ ئەوەی مەعریفەی سێیەمیان لێوە بەرهەمبێت.(الغزالی، 2004: 261/6)

گەر کەس مەیلی بەلای دونیادا بو ژیانی دونیای هەڵبژارد، ویستی بزانێ دوارۆژ لە پێشترە بە هەڵبژاردن تا دونیایەکی کاتی، ئەوا دو ڕێگەی بۆ هەیە:

یەکەمیان: لە کەسانیترەوە ببیستێ دوارۆژ لە پێشترە بە هەڵبژاردن لە دونیای کاتی، لەوەدا شوێنی بکەوێت و بەبێ وردبونەوە لە ڕاستەقینەی کاروبارەکە بە ڕاستی بزانێت، بە کارەکەی مەیل بە لای هەڵبژاردنی دوارۆژدا پەیدابکات لەسەر قسەی کەسەکە، ئەمە پێیدەوترێت چاولێکەری و شوێنکەوتن، پێیناوترێت مەعریفە.

ڕێگەی دوەم: بزانێت ئەوەی دەمێنێتەوە لە پێشترە بە هەڵبژاردن، پاشان بزانێت دوارۆژ دەمێنێتەوە، لەم دو مەعریفەوە مەعریفەی سێیەمی بۆ بەرهەم دێت، ئەوەش دوارۆژ لەپێشترە بە هەڵبژاردن، هاتنەدی مەعریفە بەوەی دوارۆژ لە پێشترە بە هەڵبژاردن تەنها لە ڕێگەی ئەو مەعریفە پێشینەوەیە، بۆیە ئامادەکردنی دو مەعریفەکەی پێشو لە دڵدا بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە بە مەعریفەی سێیەم بگەی پێیدەوترێت بیرکردنەوە و پەندوەرگرتن و قوڵبونەوە و تێڕامان.

تێڕامان و وردبونەوە و تێفکرین کۆمەڵێك گوزارەی هاوواتان بۆ یەك مانا، لە ژێریاندا مانای جۆراوجۆر بونیان نییە. (الغزالی، 2004: 6 / 261)

ناوی ((بیرهێنانەوە – التذکر- و پەند وەرگرتن – الإعتبار- و وردبونەوە – التفکر-))یش کۆمەڵێك مانای جۆراوجۆرن، با ئەسڵی ناولێنراوەکەش یەك شت بێت، وەك چۆن ناوی الصارم والمهند والسیف- بۆ یەك شت بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە سۆنگەی جۆراوجۆرەوە، الصارم ئاماژە بە شمشێرێك دەکات لەو ڕوەوە کە بەردەستە، المهند ئاماژەیە بە شمشێرێك لە کێلاندا بێت، السیف ئاماژەیە دەکات بۆ شمشێر بە ئاماژەیەکی ڕەها بەبێ هەستکردن بەو مانا زیادانە، هەر بەو جۆرە پەندوەرگرتن بۆ ئامادەکردنی دو مەعریفە بەکاردەهێنرێت بە جۆرێك لەو دوانەوە بگوازرێتەوە بۆ مەعریفەی سێیەم، گەر پەڕینەوە ڕوینەدا، و تەنها وەستان لەسەر دو مەعریفەکە بەرهەمهات ناوی –بیرهێنانەوە- بەکاردەهێنرێت، نەك ناوی – پەندوەرگرتن-

وردبونەوە وتێفکرینیش بەکاردەهێنرێن لەو ڕوەوە داوای مەعریفەی سێیەمی تێدایە، هەر کەس داوای مەعریفەی سێیەم نەکات، پێیناوترێت وردبوەوە – ناظر-، هەمو بیرکردنەوەیەك (متفکر) بیرهێنەرەوە (متذکر)ە، بەڵام هەمو بیرهێنەرەوەیەك بیرکەرەوە نییە.

سودی بیرهێنانەوە چەندبارە کردنەوەی مەعریفەکانە بەسەر دڵدا بۆ ئەوەی ئەو مەعریفانە جێگیربین و لە دڵدا نەسڕێنەوە، سودی تێفکرینیش زۆرکردنی زانست و ڕاکێشانی مەعریفەیەکە بەدەستنەهاتوە، ئەمە ئەو جیاوازییەیە لە نێوان بیرهێنانەوە و تێفرکریندا.

گەر مەعریفەکان لە دڵدا کۆبونەوە ولەسەر ڕێکخستنێکی تایبەت لە یەکتر موتوربەکران مەعریفەیەکیتر بەرهەمدەهێنن، چونکە مەعریفە بەری مەعریفەیەکە، گەر مەعریفەیەك بەرهەمهات و لەگەڵ مەعریفەیەکیتر موتوربەکرا لەوەوە بەرهەمێکیتر دێتە ئاراوە، هەر بەو جۆرە بەرەکان درێژدەبنەوە و زانستەکان زۆردەبن، و بیرکردنەوەکانی کۆتا درێژدەبێتەوە، ڕێگەی زیادە مەعریفە تەنها بە مردن یان بە کۆسپ ولەمپەڕێك دادەخرێت، ئەمە بۆ کەسێك بتوانێ زانستەکان بەرهەمبهێنێت و ڕێگەی تێفکرین بدۆزێتەوە. (الغزالی، 2004: 6 / 262)

بەڵام زۆرینەی خەڵك بێبەشبون لە زیادە لە زانستەكان لەبەر لەدەستدانی سەرمایەكە، ئەوەش بریتییە لەو مەعریفانانەی لێیانەوە زانستەكان بەرهەمدێن، وەك ئەو كەسەی شمەك وكاڵای نییە، ئەو كەسە ناتوانێت قازانج بەدەستبهێنێت، هەندێ جاریش شمەك وكاڵای هەیە، بەڵام پیشەی بازرگانی نازانێت، بۆیە شتێك قازانج ناكات، هەر بەو جۆرە دەگونجێ كۆمەڵێك مەعریفەی لەلا بێت و سەرمایەی زانستەكان بن، بەڵام نازانێت بەكاریانبهێنێ و لە یەكتر موتوربەیان بكات وموتوربەكردنەكە سەربكێشێت بۆ بەرهەمێك تیایاندا.

زانینی ڕێگەی بەكارهێنان و بەرهەمهێنان جارێك بە نورێكی خوداییە لە دڵدایە و بە سروشت بەرهەمدێت، وەك چۆن لە پێغەمبەراندا (د.خ) بونی هەیە. ئەوەش دەگمەنە و زۆر كەمە، هەندێ جاریش بە فێربون و كاركردن و ڕاهێنانە، ئەمەیان زۆرینەیە.

پاشان كەسی بیركەرەوە هەندێ جار ئەم مەعریفانەی بۆ ئامادە دەبێت و بەرێكیان لێوە بەرهەمدێت كەسەكە بۆ خۆی هەست بە چۆنێتی بەرهەم هاتنەكەی ناكات و ناتوانێت گوزارشتی لێبدات لەبەر كەمی ڕاهێنان بۆ پیشەی گوزارشت لێدان ودەربڕین، زۆرن ئەو مرۆڤانەی بە زانینێكی ڕاستەقینە دەزانن دوارۆژ لە پێشترە بەهەڵبژاردن، گەر پرسیاری لێبكرێت دەربارەی مەعریفەكەی ناتوانێت گوزارشتی لێبدات و دەریببڕێت، لەگەڵ ئەوەی مەعریفەكەی تەنها لە دو مەعریفە پێشینەكەوە هاتوە، ئەو دو مەعریفەش: ئەو شتەی دەمێنێتەوە لە پێشترە بە هەڵبژاردن، مانەوەی دوارۆژیش لە مانەوەی دونیا مانەوەی زۆرترە، لێرەوە مەعریفەی سێیەمی بۆ بەرهەم دێت، ئەوەش دوارۆژ لە پێشترە بە هەڵبژاردن، بۆیە بەری ڕاستەقینەی بیر دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەكردنی دو مەعریفەكە بۆ ئەوەی لەو دوانەوە بگاتە مەعریفەی سێیەم. (الغزالی، 2004: 6/ 263)

بەری بیریش بریتییە لە زانستەكان و حاڵەكان وكارەكان، بەڵام بەرە تایبەتەكەی بریتییە لە زانست نەك شتێكیتر.

بەڵێ، گەر زانست لە دڵدا بەرهەمهات حاڵی دڵ دەگۆڕێت، گەر حاڵی دڵ گۆڕا كاری ئەندامەكان دەگۆڕێت، چونكە كار شوێنی حاڵ دەكەوێت، و حاڵیش شوێنی زانست دەكەوێت، زانستیش شوێنی بیركردنەوە دەكەوێت، كەوا بو بیر بریتییە لە سەرەتا و كلیلی هەمو خێرەكان، ئەمە ئەوەیە پلەو پایەی تێفكرینت بۆ دەردەخات، تێفكرین لە یاد و یادهێنانەوە باشترە، چونكە لە بیردا یاد وزیادەیەك لەیادبونی هەیە، یادی دڵ باشترە لە یادی ئەندامەكان (زمان)، بەڵكو كار شەرەفمەند بوە لەبەرئەو یادەی تێیدایە.

كەوابو، تێفكرین باشترە لە هەمو كارەكان، بۆیە وتراوە: ((تێفكرینی ساتێك باشترە لە عیبادەتی ساڵێك))، وتراوە: تێفكرینەكە ئەوەیە لە بێزراوی و نەویستراوی ونەخوازراوییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ویستراو و حەزلێكراو، هەروەها لە حەزو هەڵپەوە بۆ زوهد و قەناعەت.

هەروەها وتراوە: ئەوەیە تەقوا بەدیدەهێنێت، بۆیە خودای گەورە دەفەروێت: **(لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا)** (طه: 113). واتا بۆ ئەوانەی لەخوابترسن و خۆیان بپارێزن یان بیربكەنەوە دەست بدەنە خواناسی و ئەو شتانەی لە خوا نزیكتان دەكاتەوە.(ابن كثیر، 2014: 529/3)

گەر بتەوێ چۆنێتی گۆڕینی حاڵ بە بیر بزانیت نمونەكەی ئەوەیە لە كاروباری دوارۆژ باسمان كرد، بیركردنەوە تیایدا دەمانگەیەنێت بەوەی دوارۆژ لە پێشترە بە هەڵبژاردن، گەر ئەم مەعریفەیە بە یەقین لە دڵماندا ڕیشە داكوتێ دڵ بەرەو حەزكردن لە دوارۆژ و زوهد لە دونیا گۆڕانی بەسەردا دێت، مەبەستمان بە حاڵ ئەمەیە، چونكە بەر لەم مەعریفەیە حاڵی دڵ خۆشویستنی دونیا ومەیل بوە بە لایدا و دوركەوتنەوە لە دوارۆژ وكەمی حەزكردن تیایدا، بەم مەعریفەیە حاڵی دڵ گۆڕا، و ویست وحەز گۆڕانی بەسەردا هات، پاشان گۆڕینی ویست كۆمەڵێك كاری ئەندامەكانی بەرهەمهێنا لە وازهێنان لە دونیا و فڕێدانی، و ڕوكردنە كار وكردەوەكانی دوارۆژ. (الغزالی، 2004: 6 / 264)

**لێرەدا پێنج پلە هەن:**

یەكەمیان: بیرهێنانەوە (التذكر) بریتییە لە ئامادەكردنی دو مەعریفەكە لە دڵدا.
دوەم: بیركردنەوە یان تێفكرین (التفكر)ە ئەوەش بریتییە لە هەوڵ و داوای مەعریفەی بە مەبەستكراو لە دو مەعریفەكەیترەوە.
سێیەم: بەرهەمهاتنی مەعریفەی داواكراو و ڕۆشنبونەوەی دڵ بەو مەعریفەیە.
چوارەم: گۆڕانی حاڵی دڵ لەوەی پێشتر لەسەری بو بەهۆی بەرهەمهاتنی نوری مەعریفەوە.
پێنجەم: خزمەتكاری ئەندامەكان بۆ دڵ بەپێی ئەوحاڵەی لە دڵدا نوێ دەبێتەوە.
وەكچۆن- لە شوێكی تاریكدا- بەرد دەكێشرێت بە ئاسندا ئاگرێكی لێوە دەردەچێت و شوێنەكە ڕۆشن دەكاتەوە وچاو بەو هۆیەوە دەبینێت لە دوای ئەوەی نەیدەبینی، لەوێوە ئەندامەكان هەڵدەستن بە كارو جوڵە، هەر بەو جۆرە چەخماخی نوری مەعریفە- كە بریتییە لە بیر- دو مەعریفەكە كۆدەكاتەوە وەك چۆن بەرد و ئاسن لە یەكتر دەدەن، بە موتوربە كردنێكی تایبەت ئە و دو مەعریفە لە یەكتر دەدات وەك چۆن بەردەكە بە لێدانێكی تایبەت لە ئاسنەكە دەدا، بۆیە نوری مەعریفە سەر هەڵدەدات وەك چۆن تروسكەكە لە ئاسنەكەوە سەر هەڵدەدات، بەهۆی ئەم نورەوە دڵ دەگۆڕێت تا مەیلی بۆ پەیدا دەبێت بۆشتێك مەیلی بەلادا نییە وەك چۆن چاو بەرۆشنایی تروسكەكە گۆڕانی بەسەردا دێت و شتانیك دەبینێت نەیبینیون، پاشان بەپێی داخوازی حاڵی دڵ ئەندامەكان بۆ كار ڕادەپەڕێن وەك چۆن كەسی دەستەوستان لە كار بەهۆی تاریكییەوە ڕادەپەڕێت بە كار و جوڵە لە باری پەیبردنی چاو بە بینینێك پێشتر نەیبینیوە.(الغزالی، 2004: 265/6)
كەوابو بەری بیر بریتییە لە زانستەكان و حاڵەكان، زانستەكانیش كۆتاییان بۆ نییە ئەو حاڵانەش وێنادەكرێن بەسەر دڵدا وەردەچەرخێن و ڕادە و سنورێكیان بۆ نییە، بۆیە گەر مورید بیەوێت هونەرەكانی بیر و ڕێڕەوەكانی بیر و ئەوەی تیایدا بیردەكاتەوە هەژماربكات توانای بەسەریدا ناشكێت، چونكە ڕێرەوەكانی بیر هەژمارناكرێن و سنوردارنین و بەری بەری بیریش بێ كۆتاییە. (الغزالی،2004: 6/ 265)

**تەوەرەی دوەم: تەئویل لای غەزالی**

لە كەلامی عەرەبیدا مەبەست لە تەئویل تێگەیشتنی ئەو پرسانەیە كە لە شەرعدا هاتون، و شەرع بە دوایاندا دەگەڕێت بۆ كاری تێڕوانین وعەقڵ بە مەبەستی تێگەیشتن وڕونكردنەوەیان، ئەوەی زانراوە لەقورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەردا (د.خ) پرسە گەلێك هاتوە كە ناكرێت وپێویست نییە كە لە ڕواڵەتی خۆیاندا گۆڕانكاریان بەسەردا بێت واتا دەبێت بە ڕواڵەتی (ظاهری) بمێننەوە وتەئویل هەڵناگرن، لە كاتێكدا عەقڵ پێویستی بەو دەقە مەحاڵانەیتر هەیە پێویستە تەئویلبكرێن، ناكرێت بە ڕواڵەتی بمێننەوە. غەزالی دەڵێت: ((تەقلیدكردن لەڕواڵەتی هێشتنەوەی واتاكانی قورئاندا و چەقبەستوكردنیان و سەرسامبونێكی گەورە لە تێگەیشتنیاندا هەیە)). (الغزالی، 2003: 39)
غەزالی بانگەشەی ئەوە دەكات كە بچینە قوڵایی تەئویلەوە بەپێی پێویست، بەشێوەیەك پێویستە دەستەبەرداری گۆڕانكارییە ڕواڵەتییەكان بین مەگەر بەڵگەی براوەی لەسەر بێت، هەر وەك چۆن هەڵوێستە كردن لەسەر ڕواڵەتەكانی دەق ڕێگرە لە تێگەیشتنی دەقەكان. هەر بۆیە (قانون التأویل) لەسەر میتۆدی تەئویلكردنی قورئان و سوننەتدا دەڵێت: ((هەر كەسێك ڕێگری لە تەئویل و دەقەكانی قورئان و سوننەتدا بكات بە ڕەهایی، ئەوە مێشك وشك وداخراوە، هەر كەسێكیش ئامانجی بو هەمو دەقەكانی تەئویلبكات ئەوە كورت بین وچاو چنۆك و لەناوچوە، بەڵام ئەهلی حەق دەقە ڕواڵەتییەكان تەئویلدەكەن شایستەی تەئویلكردن بن وپشت بە پرسەكان دەبەستن لە تەئویلكردندا)). (الغزالی، 1992: 6)
بۆیە لێرەدا دیدی غەزالی لە بارەی كێشەی تەئویل ئەوەیە كە پێویستە خۆپارێزی بكرێت لە زیادەڕەوی و كورتڕەوی لە تەئویلدا، چونكە دەقە ئاینییەكان لەدەستی حەشەوییەكاندا بەجۆرێك چەقبەستو تەقلید گەرایی بو، كە دەقەكانیان بە

ڕواڵەتی دەهێشتنەوەو تەئویلیان نەدەکردن وکورتڕەوبون لە تەئویلدا، بە جۆرێکیتر دەقەکان لەسەر دەستی فەیلەسوف و زیادەڕەوییەکانی موعتەزیلە بە جۆرێك زیادەڕەویی تێدا کرا پشتیان بە عەقڵ بەستبو، زیادەڕەوییان لەتەئویلدا دەکرد و خۆیان لە وێکچوندن دەپاراست بە پێچەوانەی حەشەوییەکان، بەڵام ئەم ڕەوتە کەموکورن لە تەئویلدا و تێنەگەیشتون.
هەر وەك چۆن غەزالی باوەڕی وایە و دەڵێت: ((ئەوانەی زیادەڕەویی دەکەن و ئەوانەی کورتڕەوی دەکەن هەردوکیان دورن لە یاسای تەئویل)). (الغزالی، د.ت: 28)
بەم جۆرە میتۆدی هەردوکیان لای غەزالی ڕەفزکراوە. لە دەقی ئاینیدا ئەو شتەی دەکرێت تێگەیشتنی هەبێت لە ڕواڵەتدا، پێویستە بەڕواڵەتی وەربیگرین و تەئویلی نەکەین. ئەو دەقانەش کە پێویستیان بەتێڕوانین وبیرکردنەوە هەیە، وبە تەئویلکردن بەهای خۆی لەدەستنادات، پێویستە پشت بە تەئویل ببەستین بەبێ زیادەڕەوی، چونکە چەقبەستوکردن وهێشتنەوەی بە ڕواڵەتی یاخود ڕۆچون لە ناوەڕۆکی ئەو دەقانە هەردوکیان دەرچوبن لە میتۆدی دروستی تەئویل. بۆ نمونە ئیبن قوتەیبەی دەینەوری دەڵێت: ((هەردو گروپەکە هەڵەن، چونکە خوای گەورە ناوەندگیری داناوە لە دادپەروەری و زیادەڕەوی قەدەغە کردوە)). (الدینوری، 1954: 45)
لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە غەزالی مەیلی بەلای میتۆدی ناوەندگیری هەبوە لە تەئویلدا، هەردو میتۆدی هێشتنەوەی دەقە ڕواڵەتییەکان ومیتۆدی زیادەڕەویکردن لە تەئویلدا ودەرچون لەدەقەکان بەمەبەست. غەزالی بەماف خۆری و نادادپەروەری دەزانێ دەرحەق بە تێکستی ئاینی. (عبدالمهیمن، 2001: 220)
ئەوەی جێگەی سەرنجە پاڵنەرێکی تەسەوفی لە پشتی غەزالیدا هەبوە، لەو میتۆدە دەرنەچوە، لە خودی خۆیدا سۆفییەکی سونەی و کەلامناسی ئەشعەری بوە:
یەکەم: مەزهەبی ئەشعەریش ناوەندگیر بوە لەنێوان موعتەزیلە وحەشەوییەکان.
لە کاتێکدا موعتەزیلەکان هەوڵیانداوە نەقڵ ملکەچی عەقڵ بکەن لە پێناوی تەئویلدا، هەروەها حەشەوییەکان ئەو کەسانە بون هەوڵیانداوە هەڵوێستە لەسەر دەقە ڕواڵەتییەکان بکەن، و چەقبەستویان بکەن لە تەقلیدا بێ ئەوەی ئاین پێچەوانەیان بێت لە سڕبون کردنیاندا. مەزهەبی غەزالی لە تەئویلدا ناوەندگیرییە وبانگەشەی سازشبونی نێوان عەقڵ و نەقڵ دەکات. (الغزالی، 2011: 2/ 538)
بەم شێوەیە غەزالی دەڵێت: ((ئەوکەسەی ڕازیە بە تەقلید وهەواڵ، ئینکاری میتۆدی توێژینەوە وتێفکرین دەکەن، نابنە هۆکاری ڕێنمایی وسەرپەرشتی کار لەبەرئەوەی بەڵگەی عەقڵ ئەو بەڵگەیە کە لەلایەن ڕاڤەکارەوە بەڕاستی دابنرێت لە عەقڵی پەتیدا کورتکرابێتەوە، بە نوری شەرع ڕۆشنکرابێت، ڕێنمایی بێت بەرەو چاکە)). (الغزالی، د.ت: 28)
دوەم: غەزالی دەستیگرتوە بە میتۆدی تەئویلەوە، کە هێزێکی ئەوتۆی دیاریکراوی بەعەقڵ بەخشیوە کە لە ئایندا هاتوە، بە بۆچونی غەزالی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شتەی عەقڵ پێویستیەتی و مەحاڵە بۆی پێویستە ئەو شتە لە شەرعدا هاتبێت و تەئویلبکرێت. چونکە هیچ دژایەتییەك لە نێوان شەرعێکی مەنقول و حەقێکی مەعقولدا بونی نییە.
سێیەم: غەزالی بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە پێی پێویست بچنە ناو تەئویلی قورئان وسوننەتەوە، پێویستە دەستهەڵبگرن لە گۆڕانکاری دەقە ڕواڵەتییەکان مەگەر بەڵگەی بڕاوی لەسەر بێت. بە بۆچونی غەزالی کاتێك لە دەقە ئاینییە ڕواڵەتییەکان تێگەیشتین پێویست ناکات تەئویلبکرێن، بەڵام کاتێك دەقەکان پێویستیان بە تێڕوانین و لێوردبونەوە بو ئەوە زیانی نییە کە پشت بە تەئویل ببەستین لەو بابەتانەدا بەبێ زیادەڕەوی. (الغزالی، 2011: 2/ 540)
بەڵکو پێویستە وریابین دەرگای تەئویل نەکەینەوە تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت لە ڕۆچون لە زانستدا. هەر بۆیە غەزالی هەڵوێستەی کردوە لەسەر گروپە نەیارەکان دەربارەی تەئویل و سەرکەوتنی مەزهەبەکانی سەلەف و تەئویلەکانی قورئان وسوننەت.

چوارەم: میتۆدی غەزالی لەو بوارەدا جیاوازە لەوەی کە کۆکەرەوەیە لە نێوانی هەمو سەرنجە دورودرێژەکان بێ ئەوەی زیادەڕەویی بکات لە تەئویلی عەقڵیدا. (الغزالی، د.ت: 75) بەتایبەت ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئیلاهیەتەوە لەبەرئەوە غەزالی دەیەوێت لە ڕەهەندی نەقلانیدا شوێنێك بۆ عەقڵ دیاریبکات، تەنها ئەوانە نەبێت کە هەڵگری بەڵگەیەکی عەقڵی نین لە تەئویلدا. بەشێوەیە غەزالی باوەڕی وایە ئەوانەی ڕێنماییینەکراون بۆ چاکە خاوەن عەقڵێکی کورت بینن وعەقڵ لای ئەوان تەنگ وسنوردارە، بۆیە غەزالی لە بەرامبەر ئەوەدا وەك ڕەوتیکی سوننی بە پشتگیری بەڵگەیەکی بەهێزی شەرعی بڕیارێکی تایبەت بە کێشە عەقڵییەکان دەخاتەڕو، لە باگڕاوەندی شەرعیانەدا تۆمەتباریان دەکات. (دنیا، 1980: 38)

غەزالی دەڵێت: ((عەقڵ سۆزێکە و ئەوەش بەسە کە کۆتایی بەهەمو سنورەکان دێنێت، و ناشکرێت لە پشتی ئەوانەدا بوارێکیتر هەبێت)). (الغزالی، 2003: 37)

بە ڕاستی ڕایوایە کەمەزهەبی سەلەف ڕێگریانکردوە لەوەی ئایەتە وێکچوەکان (المتشابهات) ئەو ئایەتانەی واتایان دیارنییە تەئویلبکرێت و هەستاون ئەو ئایەتانەیان بە ڕواڵەت (ظاهری) هێشتۆتەوە، واتای ئەو ئایەتانەیان بەخوا سپاردوە، بە تایبەت ئەو ئایەتانەی پەیوەستن بە عەقیدە وسیفاتەوە. ئایەتە وێکچوەکانیش (المتشابهات) لای مەزهەبی سەلەف لەسەر حەوت بنەمان کە بریتین لە: (بە پیرۆزڕاگرتن، بە ڕاستدانان و باوەڕهێنان، دانان بە دەستەوستانی بون، بێدەنگی لە بەرامبەر پرسیارەکاندا، خۆگرتنەوە لێیان یان خۆپاراستن لێیان، وازهێنان لە توێژینەوە و بیرکردنەوە لە ئایەتە وێکچوەکان، لە کۆتاییدا سپاردنیان بە ئەهلی مەعریفە. (دنیا، 1980: 40)

سەرەڕای ئەوەش غەزالی خاوەن ڕەوتێکی تەئویلی عەقڵی و تەئویلێکی تەسەوفییە، بۆ خزمەتی دەقە ئاینییەکان لە باگڕاوەندی سوننەگەرایانەدا.

پێنجەم: غەزالی باوەڕی وابو کە دەقە ئیلاهییەکان چەندین وێنە و شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری حەقیقەتەکانیان لەخۆگرتوە، ئەو حەقیقەتانەش لە ڕواڵەتدا بۆ خەڵکی گشتین. کارە نهێنی و شاراوەکانیش وەستان لەسەر ژێر دەریایەك (الغواص)ێك کە لای ئەو وەستانە لەسەر دەقە ڕواڵەتەکانی واتاکانی قورئان، چەقبەستوکردنیشیان لەسەری سەرسامبونیکی گەورەیە لە تێگەیشتندا. (الغزالی، 2003: 39)

غەزالی گروپە جیاوازەکان لەبارەی تەئویلەوە دەکاتە پێنج گروپ:

گروپی یەکەم: ئەهلی ڕواڵەت (الظاهر) ئەوانە زیادەڕوی دەکەن لە نەقڵدا، ڕێگری لەتەئویلدەکەن. ڕازین بەم شتانەی کە پێشتر لە ڕواڵەتدا لێی تێگەیشتون. (عبدالمهیمن، 2001: 222) غەزالی دەڵێت: ((ئەوانە ئەم شتانە بە ڕاستدەزانن کە نەقڵ (شەرع) باسی کردون وبە بنچینەی داناون، دژی ئەو شتانەنشن کە پێچەوانەی ڕواڵەتی نەقڵ بێت. ڕێگری لە تەئویلدەکەن و دەڵێن: خوای گەورە توانای هەیە بەسەر هەمو شتێکدا)). (الغزالی، 1992: 15)

گروپی دوەم: ئەهلی عەقڵن پشتیان بە تێڕوانین بەستوە، زیادەڕەوی دەکەن لە تەئویلدا، ئەمانە زۆر دورکەوتونەتەوە لە گروپی یەکەم، غەزالی دەڵێت: ((ئەوانە تەنها پشت بە تێڕوانینی عەقلانی دەبەستن، کەمتر پشت بە نەقڵ دەبەستن ئەو شتەی دەیبینن لە نەقڵەوە پێچەوانەی عەقڵییانەو ڕەفزی دەکەن وتەئویلی دەکەن)). (الغزالی، 1992: 16) غەزالی باوەڕی وایە ئەوانە بەشێوەیەك زیادەڕەویان لە عەقڵدا کردوە، هەتا دوچاری بێباوەڕی بون کاتێك پێغەمبەرانی خوایان بەدرۆخستۆتەوە. (عبدالمهیمن، 2001: 223)

گروپی سێیەم: زۆر بەهێز پشتگیری لە عەقڵ دەکەن، ونەقڵ بە لاواز دەزانن، غەزالی دەربارەیان دەڵێت: ((ئەوانە زۆر بە چڕی شوێن عەقڵ کەوتون و عەقڵیان کردۆتە بنچینە، و نەقڵیان بە لاواز زانیوە وپەراوێزیان خستوە، ئەو شتانەی لە ڕواڵەتدا بیستویانە پێچەوانەی عەقڵیان بوە وئینکاریان لێکردوە، و گێڕانەوەکانیان بە درۆزانیوە. جگە لە قورئان

نەبێت، یاخود ئەو شتانەی کە لە تەئویلی ئەوانەوە نزیکە لە لەفزەکانی فەرموده)). (الغزالی، 1992: 224) جگە لەوانە هیچیان بە بنچینە نەزانیوە، و پشتگیریان لێینەکردوە، زیادەڕەویان کردوە لە تەئویلکردنیدا. (عبدالمهیمن، 2001: 224)
گروپی چوارەم: ئەو گروپە زۆر پشتیان بە نەقڵ بەستوە وعەقڵ بەلاواز دەزانن. غەزالی دەڵێت: ((ئەوانە نەقڵ بە بنچینە دەزانن وشوێنی دەکەون. وعەقڵ وەلاوەدەنێن، تا لەهەندێك شوێنی پرسە عەقڵانییەکان بەر یەککەوتن لەنێوان نەقڵ و ڕواڵەتدا بەدیدەکرێت، کە درك بە شوێنە عەقڵانییەکان ناکەن ولەبەرئەوەی ئەوانە تەنها بە سەرنجەوە نەبێت درکناکەن)). (الغزالی، 1992: 18) ئەوەش دەرەنجامی گرنگینەدانە بە پرسە عەقڵانییەکان وگرنگینەدانە بە تەئویلات. (عبدالمهیمن، 2001: 225)
گروپی پێنجەم: ئەم گروپەیان ناوەندگیرن لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا، هەردوکیان بە بنچینە دەزانن، ئینکاری لەوە دەکەن کە هیچ دژایەتیەك لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا هەبێت، (الغزالی، 2011: 2/ 541) غەزالی لە شرۆڤەی میتۆدی ئەم گروپەدا دەڵێت: ((ئەو گروپە ناوەندگیرن و کۆکەرەوەی نێوان عەقڵ ونەقڵن، هەر یەك لەعەقل ونەقڵ بە بنچینە وگرنگ دەزانن، ئینکاری ئەوە دەکەن کە هیچ دژایەتیەك لە نێوان عەقل و نەقڵدا هەبێت، هەر شتێك عەقڵ بە درۆی بزانێت نەقڵیش بە درۆی دەزانێت، شتێکیش عەقڵ بە ڕاستی بزانێت نەقڵیش بە ڕاستی دەزانێت، چۆن عەقڵ ئەو شتە بە درۆنازانێت کە شەرع بە درۆی دەزانێت، پرسەکانی شەرعیش بەعەقڵ جێگیردەبن)). (الغزالی، 2001: 20)
یاسای تەئویل لای غەزالی دەڵێت: ((تەئویل داکۆکاری جیاوازییەکانە، سەرزەنشتکردنی تەئویلیش سەرزەنشتکردنی جیاوازییەکانە، تەکفیرکردنیش پەیوەستە بە شتێکیترەوە تەنها لە جیاوازیدا نییە، پەیوەست نییە بە ڕاجیاییەوە، بەڵکو دژایەتیکردنی باوەڕ کوفرە، کافریش ئەو کەسەیە لە ڕیزی کۆمەڵی موسڵمانان نییە، هەر وەك چۆن لای خەواریج هەر کەسێك تاوانی گەورە بکات کافره)). (الغزالی، 1993: 52) لەبەرئەوە پێویستە هەزاران حیسابی بۆ بکەین.

**ناوەندگیری تەئویل لای غەزالی**

((ئەو کەسانەی دەستپێشخەری دەکەن لە تەئویلاتدا بە گومانێکی زۆرەوە، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی نەبینراویان لە دەستدابێت، پێویست نییە لەسەریان دەستپێشخەری بکەن لە تەکفیرکردندا، بەڵکو پێویستە بیربکەنەوە و سەیربکەن چونکە ئەگەر تەئویلکردنەکەیان پەیوەست نەبێت بە بنەمایەکی بیروباوەڕی ئەوە تەکفیرناکرێت، بەڵام ئەگەر پەیوەست بو بە بیروباوەڕەوە ئەوە پێویستە ئەو کەسە تەکفیر بکرێت، دەقە ڕواڵەتییەکان دەگۆڕێن بەبێ بەڵگەیەکی براوە، ئەوانەی ئینکاری حەشری جەستەو ئینکاری سزاو لێپرسینەوەی ڕۆژی دوای دەکەن و گومان و وەهم دروستدەکەن بەبێ بەڵگەی براوە، ئەوانە پێویستە بە ڕاستی تەکفیربکرێن، کاتێك بەڵگەیەکیان نییە لەسەر مەحاڵی بونی ڕادەی ڕوحەکان بۆ جەستە، ئەوەش زەرەرێکی گەورەیە بۆ ئاین. پێویستە بە هەمو شێوەیەك تەکفیربکرێن، کە زۆرترین فەیلەسوفەکانن، لەبەرئەوە ئینکاری ئەوە دەکەن کە خوای گەورە ئاگاداربێت بە شتە هەندەکییەکان، و ئینکاری حەشری جەستە دەکەن. ئەوانە کافرن وموبتەدیعن، لەبەرئەوە پێغەمبەر (د.خ) بەدرۆدەخەنەوە، ئەوانە دان بەوەدادەنێن کە ئەو پرسانە نابێت تەئویلبکرێن)). (الغزالی، 1993: 70)
پوختەی گوتە ئەوەیە کە غەزالی داکۆکی لە عەقڵکردوە و پێگەیەکی فراوانی لە بەرهەمەکانی بۆ دیاریکردوە، لە گرنگترین هەوڵەکانی لە ئیسلامدا دانانی یاسایەك بوە بۆ تەئویل و زۆرترین ئەوشتانەش کە لە تەئویلاتدا گوتراوە گومانی خەملێنراو بون. (حمو، 2012: 70)
کەواتە غەزالی بەهەمان شێوەی موعتەزیلە و فەیلەسوفەکان مەیلی بەلای عەقڵدا نەبوە، بە کوێرانەش تەئویلی نەکردوەو هەر وەك چۆن هەندێك سۆفییەکان خویان پێوەگرتبو، هەروەها بێ هەڵوێستیش نەبوە بەرامبەر تەئویلکردنی دەقە ڕواڵەتییەکان، هەر وەك چۆن حەشەوییەکان بێ هەڵوێستبون، بەڵکو هەڵوێستێکی ناوەندگیری هەبوە بەرامبەر عەقڵ و نەقڵ (الغزالی، 2011: 2/ 542) بەشێوەیەك دەڵێت: ((ئەو کەسانە چۆن ڕێگەی ڕاستیان گرتوە، کە لەسەر

بنەمای تەقلیدو هەواڵن، وئینکاری میتۆی تیفکرین و تێروانین دەکەن. هیچ شتێك لە بەڵگەی شەرعی نازانن جگەلە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، وبەڵگە عەقڵییەکانیش لای ئەوان بریتیە لە بەڕاستزانینی ئەو هەواڵە تەقلیدانەی پێیان گەیشتوە، کەواتە چۆن کەسێك ڕێگەی ڕاستی گرتوە، کە عەقڵی پەتی بەهەمو شتێك دەزانێت، یاخود عەقڵ بە کەموکوڕ دەزانێت)). (الغزالی، د.ت: 63)

## حوکمی تەئویل لە نیوان خەڵکی گشتی و زانایان

ئەو شتەی کە غەزالی ڕونیکردۆتەوە حوکمی تەئویل بوە، لە نێوان خەڵکی ئاسایی و زاناکاندا، ئەو حوکمە تەئویلەی بۆ خەڵکی گشتی و زاناکان ڕونکردۆتەوە.

واتای تەئویل: ڕونکردنەوەی واتای هەواڵێك بوە لە دوای نەهیشتنی ڕواڵەتیەکەی، بەم شێوەیە ئامانجی ڕواڵەت لای غەزالی لێرەدا دەرخستنی ئەو شتە بوە بۆ گوێگر یاخود خوێنەر کە ڕواڵەت پێچەوانەی بنەمای شەریعەتە یاخود پێچەوانەی بنەمای عەقڵە، ئەو شتەش لە خودی دەقەکەدا دەرناکەوێت و شەرعناس ناتوانێت لە دەقدا ئاشکرای بکات، هەر وەك دەبینین غەزالی ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە ئامانج لە گوتەکانی دەرکەوتنی واتایەکی پوچەڵبێت، یاخود واتایەك بێت گوزارشت بێت لە وێکچون و بەرجەستەکردنی خوای گەورە.

حوکمی تەئویل بۆ خەڵکی گشتی و زانایان لای غەزالی:

1- حوکمی تەئویل بۆ خەڵکی گشتی:

غەزالی دەڵێت: ((تەئویلکردن بۆ خەڵکی گشتی خۆسەرقاڵکردنیان بەم کارە حەرامەوە قەدەغەیە، وەك ئەوەی بچێتە ناو دەریایەکی قوڵەوە بێ ئەوەی مەلەوانی بێت، چونکە دەربارەی ناسینی خوای گەورە زۆر گەورەترە لە تێچون لە دەریای حەقیقیدا. وتیاچون لەو دریایەدا ژیانی لەدوا نییە، بەڵام تیاچون لە دەریای دونیادا بەردەوامە و ئەو ژیانەش کۆتایی دێت، لەبەرئەوە لەناوچونی ژیان ومانەوەی دو شتی مەترسیدارن)) (الغزالی، 2012: 16)

کەواتە خەڵکی گشتی ناتوانن بچنە ناو خودی تەئویلەوە، ناتوانن سەرقاڵی تەئویل بن بە ڕەهایی. ئەوەش دەقی نەبڕاوەی غەزالییە لە ڕێگریکردنی خەڵکی لە تەئویل.

2- حوکمی تەویل بۆ زانایان لەگەڵ خودی خۆیان:

حوکمی تەئویلە بۆ خودی زانایان و نهێنییەکە لە نێوان دڵی خۆیان و خوای گەورە، بۆیە غەزالی دەڵێت: ((بەڕاستی ئەوانەی بە نهێنی سەرزەنشتیان دەکرێت بڵێین ئەوانەن مەبەستیان لە گوتەی (الاستوائیة) واتا لەسەر بۆ نمونە بە پرسێکی براوە وکۆتایی دەزانن، یاخود بە گومانن لێی، یاخود بە گومانن بە گومانێکی زۆر، بەڵام ئەو کەسەی بە یەکجاری باوەڕی پێیەتی ئەوە شوێنی دەکەوێت و کوێرایەڵیەتی، و ئەوەش گومانی لێیەتی ئەوە لێی دوردەکەوێتەوە، بەڵام لەسەر گوتەکانیان تاوانبارناکرێن، بەهۆی ئەوەی دژبەیەکن بەبێ پاڵنەر، بەڵکو پێویستە لە گومان هەڵوێستە بکەن، هەر کاتێکیش گومان هەبو بزانە ئەو گومانە پەیوەستە بە دو هۆکارەوە:

یەکەم: ئەو واتایەی بۆ سەرزەنشت کردن بەکار دێت لای ئەو ئایا دروستە لە مافی خوای گەورەدا یاخود مەحاڵە؟

دوەم: بە ڕاستی زانستێکی دروستە، لەبەرئەوەی گومان لە تەئویلدا کە ئامانجیەتی یاخود نا؟ (الغزالی، 2012: 16)

نمونەی یەکەم: تەئویلی لەفزی لەسەر باڵا مەعنەویەو کە مەبەستمان لە گوتەکەیە کە سوڵتان لە سەروی وەزیرەوە ئەمە هەڵوێستەی ناوێت لە چەسپاندنی واتاکەیدا بەڵام لەوانەیە دودڵییەك هەبێت لە لەفزی (فوق) لەسەر لە ئایەتی ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ ﴿النحل: ٥٠) واتا لە پەروردگاریان دەترسن کە لەلای سەرویانەوەیە، ئەو کارە دەکەن کە فەرمانیان پێدەکرێت(ابن کثیر،2014: 195/3) بەڵام ئایا سوڵتانەکە دەیانەوێت بەو باڵایە مەعنەویە یاخود بە واتایەکیتر بگەنە خوای گەورە جگە لە باڵای شوێن ئەوە مەحاڵە و خوای گەورە جەستە نییە.

نمونەی دووەم: تەئویلی لەفزی وەستان (الاستواء) لەسەر کورسی مەبەست وەستانە لە سەر کورسی یاخود مەبەستەکە ئەوەیە کە خوای گەورە هەڵسوڕێنەری هەمو گەردونە لە ئاسمان و زەویدا بەهۆی کورسییەوە. لەبەرئەوە لە گەردوندا وێنەی ئەو شتەی کە بەدی نەهاتوە لە کورسی (عرش)دا. کورسیش بۆخوای گەورە دروستە بەڵام لە بونی خۆیدا.

بۆیە کاتێك باسی خوای گەورە دەکەین لەگەڵ کورسی (العرش)دا لە بەڕێوەبردنی گەردوندا بەهۆی کورسیەوە دروستە.

ئەوەش حوکمی تەئویلکردنی زانایە لە خودی خۆیدا لەگەڵ تەئویلدا بۆیە لێرەدا جیاوازیەکی ڕون بەدیدەکرێت لە نێوان تەئویل لە مافی زانادا وتەئویلکردن لە مافی خەڵکی گشتی دا، بنەمای ئەو جیاوازیەش زانست ڕونی کردۆتەوە، بۆیە غەزالی ڕێگری لە خەڵکی گشتی کردوە کە بچنە ناو تەئویلەوە بەهۆی کەموکوڕی زانست و نەبونی پسپۆڕیان لەو بوارەدا.

بۆیە لێرەدا غەزالی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە پاك وبێگەردە لە جەستەو شێوە و وێکچواندن و جوڵەو گواستنەوە، بەو شێوەی کە (المشبهة والمجسمة) کە ئەوانە شێوە بۆ خوای گەورە دادەنێت هەروەها جەستە بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن. (الغزالی، 2012: 18)

## تەئویلی مەجازی لای غەزالی

ئایەتی (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) (طه: 5) واتە: خوای گەورە لەسەر عەرشە.(ابن کثیر ،2014: 486/3) بەڕاستی خوای گەورە پاك وبێگەردە بەوەی وەسف بکرێت بە جێگیربونی لەسەر عەرش، کورسی، چونکە هەمو ئەمانە بڕیار لە بەجەستەبونی خوای گەورە دەدەن کە مەحاڵە. چونکە جێگیربون گوزارشتە لەسەر ئەوەی کە یادە بێت خوای گەورە لە کورسی گەورەتر بێت، یان بچوکتربێت، یان یەکسان بێت، بێ هەمو ئەمانەش خاڵی نین لە پێوانەکردن، لەبەرئەوەی کە ڕێگە بەمە بدەین خوای گەورە دەبێتە جەستە. کەواتە خوای گەورە جەستە نییە و شوێن جەستە ناگرێتەوە، (الغزالی، د.ت: 119)

بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ئایەتە بکەین کە دەفەرموێت: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌۖ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الشوری: 11) واتا هیچ شتێك لە وێنەی خوا نییە ئەو بینەر و بیسەرە. (ابن کثیر ،2014: 808/4)

کاتێك پرسیار لە پێشینان کراوە دەربارەی وەستان (الاستواء) گوتویانە (الاستواء) زانراو دیارە، بەڵام چۆنیەتی وەستانەکە نادیارە، پرسیاریش دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ پێبونی پێویستە. بەڵام لەبەرئەوەی عەقڵی خەڵکی گشتی فراوان نییە و بۆ قبوڵکردنی ئەو پرسە عەقڵانیانە. ناتوانن تەئویلی بکەن، بەڵام زانایان شایستەی ئەوەن لێیتێبگەن. بەڵام من ناڵێم: ئەوە فەرزی عەینە، کاتێك هیچ وەڵامیان نەبوە، بەڵکو خوای گەورە نە هیچ شتێك شێوەی ئەوە، ونە لە هیچ شتێك دەچێت، بەڵام واتاکانی قورئان بەم شێوەیە داوا لە هەمو خاوەن ئەزمونەکان دەکات کە تێبگەن.

ئایەتە وێکچوەکان (المتشابهات) لەقورئانی پیرۆزدا وەك پیتەکانی سەرەتای سورەتەکانی (الم، یس، الر) بابەتێك نین لای عەرەب بەڵگە بن لەسەر واتایەك. بەڵام پێویستە واتاکەیان نادیاربێت، ئەم پیتانەش وەك زمانێکی داهێنراون لە خۆیاندا. (الغزالی، د.ت: 121)

هەروەها دەربارەی ئەو فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) (ینزل الله تعالی إلی السماء الدنیا) واتا خوای گەورە هەمو شەوێك دێتە ئاسمانی دونیا (رواه البخاری – 1145- ومسلم 758).

ئەم هاتنە ئاسمانی دونیا پەیوەستە بەخوای گەورەوە نازانرێت چۆن دێت. بەڵام تێگەیشتن لە هاتنی خوای گەورە بۆ ئاسمانی دونیا ڕاستە، هەروەك چۆن خوای گەورە دەفەرموێت (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ) (الحديد: 4) واتا لە هەر کوێ بن خوای گەورە لەگەڵتانە. (ابن كثير،2014: 287/5)

یاخود پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (قلب المؤمن بين إصبعين من أصابع الرحمن)(صحيح المسلم،767) واتا دڵی باوەڕدار لە نێوان پەنجەکان دایە لەپەنجەکانی خوای گەورە، لای خەڵکی نەشارەزا خوای گەورە پەنجەی هەیە و گۆشت و ئیسقانە و پێکدێت لە پەنجە و نینۆك.

بەڵام لای زانا واتایەی وەرگیراوە واتای ئەوە ناگەیەنێت، چونکە پەنجەکان بۆ ئەو پەنجەی هێزو توانایە، لەبەرئەوەی نهێنی پەنجەکان و ڕوح و حەقیقەتی پەنجەکان بریتین لە هێزو توانای خوای گەورە ویستی لەسەر هەر شتێك بێت دەیگۆڕێت. (الغزالي، د.ت: 123) هەروەها خوای گەورە لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: ((**مَنِ اقتَرَبَ إِلَيَّ شِبراً اقتَرَبتُ إِلَيهِ ذِراعاً، ومَنِ اقتَرَبَ إِلَيَّ ذِراعاً اقتَرَبتُ إِلَيهِ باعاً، ومَن أتاني يَمشي أتَيتُهُ هَروَلَةً**)) (صحيح ابن حبان، 376) واتا (هەرکەسێك بستێك بۆ لام بێت من باڵێك بۆ لای دەچم، و هەرکەسێك هەنگاوێك بۆ لام بێت من بە گورگە لۆقە بۆ لای دەچم (هروله). گورگە لۆقە لای خەڵکی نەشارەزا بەڵگەیە لەسەر پێیەکانت بەپێ بڕۆی، بەڵگەیە لەسەر نزیکبون لەو ماوەیە، بەڵام لای عاقڵ بەڵگەیە لەسەر نزیکبونەوە لە خواو پەرستنی و گوێڕایەڵی.

**غەزالی تەئویل تەکفیر دەکات**

غەزالی و ئەبو مەعالی جوەینی و ئەوانیتر بە بڕاوەیی چونە تەئویلی شتەکان بە کفر نازانن. (ابن رشد، 2007: 99) غەزالی گوزارشتی خۆی وتێڕوانینەکان دەکاتە دو بەشی سەرەکییەوە، یەکێکیان پەیوەستە بە بنەماکانەوە، و ئەویتر پەیوەستە بە لقەکانەوە. بنەماکانیش دەکرێنە سێ بەشەوە، پرسی ئیمانی وەك باوەڕبون بە خوای گەورە و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی، جگە لە لقەکان. (الغزالي، 2011: 89) هەرکەسێکیش ئینکاری بنەماکان بکات یاخود تەئویلیان بکات بێباوەڕە. بەڵام لە لقەکاندا شتێکی جیاوازە، غەزالی دەڵێت: ((لە لقەکاندا کەس تەکفیرناکرێت تەنها لەیەك پرسدا نەبێت کە ئینکارکردنی بنەماکانی ئاینە کە پێغەمبەرایەتی محمد (د.خ) . (الغزالي، 2011: 89)

لێرەدا غەزالی ئەو کەسانە تەکفیردەکات کە تەئویلدەکەن و بە کۆمەڵ دەچنە ناوی ئینکاری لە زانستی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن ئەوانە جگەلەوەی لە پرسە فقهیەکاندا بەهەڵەدەچن. داهێنان لە پرسە عەقیدەیەکان، ئەوەش بڕیاری کۆمەڵێك لە زاناکانە دەربارەیان لەوانە مالیکی و شافیعی و ئەحمەد دەربارەی قەدەرییەکان دەڵێن: ((کاتێك قەدەرییەکان ئینکاری زانستی فەرمودە بکەن ئەوە بێباوەڕن، بەڵام ئەگەر ئینکاری زانستی فەرمودە نەکەن بێباوەڕ نابن. هەروەها ئەوەی لە هاوەڵان و پێشەواکانەوە باسکراوە ئەوەیە کە لە گرنگترین هەڵە عەقیدەییەکانیشیان تەکفیرنەکردوە)). (فاطمی، 2011: 131)

کەواتە تەئویل لای غەزالی ئەوەیە کە چەندە دەقێك لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕواڵەتی هاتون بە هیچ شێوەیەك ناکرێت تەئویلبکرێن ودەبێت لەسەر ڕواڵەتی خۆیان بمێننەوە و تەئویل هەڵناگرن، بەڵام دەق گەلێکیتر هەن کە واتاکانیان دیارنییە پێویستە تەئویلبکرێن. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت نە زیادەڕەوی ونە کورتڕەوی بکرێت لە تەئویلدا هەروەك چۆن حەشەوییەکان دەقەکانیان تەئویلنەدەکرد و فەیلەسوفان وموعتەزیلەکانیش زیادەڕەویان لە تەئویلیکردنی دەقەکاندا دەکرد، دوای ئەوە غەزالی پرسی تەئویلکردنی لە خەڵکی گشتی قەدەغەکردوە، چونکە کاری ئەوان تێیدا دوچاری کوفر دەبن، بەڵکو تەئویل کاری ئەو زانایانەیە کە پسپۆڕن لەو بوارەدا و ڕۆچون لە زانستدا. لەلایەکیترەوە غەزالی ئەوانەی بنەماکانی دەقیان تەئویلکردبێت تەکفیری کردون چونکە ناکرێت پرسی یەکتاپەرستی خوای گەورە و پێغەمبەرایەتی تەئویلبکرێت لەبەرئەوەی بنەمای ئاین بن.

## تەوەری سێیەم: ڕواڵەت و ناوەڕۆك لای غەزالی

سەبارەت بە غەزالی قورئان گوزارشتە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆك، واتا قورئان لای غەزالی دابەش دەبێت بۆ (ظاهر) کە بە واتای ڕواڵەت دێت و (باطن) گوزارشتە لە نهێنی حەقیقی بۆ بیروباوەڕ، ئەو نهێنیەش دەرناکەوێت تەنها بۆ کەسە تایبەتەکان نەبێت بەپێی پلە و ئاست و خواپەرستی و نزیکیان لە خوای گەورەوە، دەگەنە ئەو ئاستە پیرۆزە کە زانستی تەفسیری قورئانی پیرۆزە سەبارەت بەو زانستە. (الغزالی، 1984: 36)
ڕواڵەتی قورئان ڕازیکردنی خەڵکی گشتییە بەوەی واتاکەی دیارە و یەکە و کۆتایی هەیە، بەڵام لەڕاستییدا واتای ناوەکی (الباطن) پێچەوانەی واتای ڕواڵەتە، و زانستی بەلارێدابردنە وکە گوزارشتە لە دەرچونی نورێك لە دڵی باوەڕدار.
غەزالی دەڵێت: ((پێویستە تەجاوەزی ڕواڵەتی گوتە (لفظ) بکەین، لەبەرئەوەی تەقلیدی ڕواڵەتی واتاکانی قورئان چەقبەستوکردنی قورئانە، داپۆشینێکی گەورەی تێگەیشتنی قورئانە)). (الغزالی، 2003: 39) جا سەبارەت بە غەزالی پێویستە پشت بە تێگەیشتن ببەستێت لە تێگەیشتنی شەریعەتی ئیسلامی، ئایەتە ڕواڵەتییەکان تێپەڕێنێت، چونکە دەبنە داپۆشەر وئاستەنگێك لەبەردەم تێگەیشتنێکی دروست ئەوەش بە پشت بەستن بە عەقڵ دەکرێت، بەڵام بەبێ زیادەڕەوی، بەو واتایەی ئەوەی ئەو تێگەیشتنانە لەسەر عەقڵ پێویستە ملکەچی ئەو دەقانە بێت کە لە شەرعدا هاتون لەلایەکەوە و لەلایەکیترەوە لەسەر شەرع پێویستە ڕوناکی لە عەقڵ وەربگرێت. (الغزالی، 1995: 260)
گرنگترین ئەو پرسانەی گرنگی پێداوە لە شەریعەتدا پرسی ڕواڵەت (الظاهر) ناوەڕۆك و (الباطن)ە، چونکە ئێمە لە زۆربەی کتێبەکانی غەزالیدا دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتی دەبینین کە خەڵکی کردوە بە سێ چینەوە: (چینی گوتاری وچینی فەلسەفی وچینی مشتومڕکاری) لەم ڕەهەندەشەوە غەزالی لە کتێبی (القسطاس المستقیم)دا هاتوە کە فەلسەفە کەسی خۆی هەیە ئەگەر بە کەسانی چینی گوتاری بدرێت ئەوە زەرەری پێدەگەیەنێت، وەك ئەوەی منداڵێکی شیرەخۆرە گوشتی باڵندەی پێبدرێ، ئەگەر ئەهلی مشتومڕکاریش حیکمەت و فەلسەفەی بەکارهێنا لێی بێزار دەبێت و بێزاربونی پیاوێك کە بە هێز شیری مرۆڤی پێبدرێ، ئەگەر کەسێکیش لە مشتومڕکاریدا لەگەڵ ئەهلی مشتومڕکار باشترین ڕێگە بەکار نەهێنێ هەر وەك قورئان وای فێرکردوە، ئەوە وەك ئەوە وایە نان بدەیتە دەشتەکییەك لەگەڵ خورما نەبێت لەگەڵ هیچیتر ڕانەهاتوە. (الغزالی، 2011: 41- 42)
لە کتێبی (جواهر القران)دا دەبینین غەزالی جیاکاریەك دەکات لە زانستەکانی قورئاندا بەپێی نزیکی و دوری لە مەبەستەکان و ڕاستییەکاندا لە نێوان دو ئاستدا: یەکەمین زانستەکانی ڕواڵەتییە، دوەمیان: زانستی ناوەڕۆکە.
ڕواڵەت یەکەم شتە دەردەکەوێت ئەو زانستانە لەخۆدەگرێت وەك زانستی پیشەکان و دەنگەکان و نەحو، شیکردنەوە، فەرمودە، ئەو ئاستەش پێگەیەکی جیاوازی هەیە و هەندێکیان خزمەت بە هەندێکیان دەکەن، بەڵام هەندێکیان نزیکترن لە ناوەڕۆك وجەوهەرەوە، هەر لێرەوە دەبینین غەزالی زانستی ڕاڤەی ڕواڵەتی لەو بەشە داناوە، و لەگەڵ ئەوەشدا گوتویەتی ئەو زانستە ڕاڤە ڕوکەشیە (التفسیر الظاهر) نزیکترە لە ناوەڕۆك وپێگە زانستەکەشی زۆر بەرزو باڵاترە، چونکە چینی کۆتایی ڕواڵەت نزیکە بگاتە گەوهەرەکە (مەبەستی ناوەڕۆکەکە) ئەوەش ئاماژە بەکارێکی گرنگ دەکات کە بریتییە لە ئاستی شرۆڤەکردن. کە خەڵکی ئاسایی پێیرازی نین، ئەمە بە گوزارشتی غەزالی ئەوە گومانیان وایە کە شتێکی لەو گەوهەرە گرنگتر نییە، بەو هۆکارەش ئەوان زەرەرمەند دەبن، بەڵام هەرچی زانستی ناوەڕۆکە دو چینی خواری لەخۆگرتوە.
چینی خوارو ئەو زانستانەی لە خۆگرتوە کە ئامۆژگاری کارو چیرۆکخوان و پاشان شەرعزان و پاشانیش کەلامناسان پێیهەڵدەستن و لەسەر ئەم ڕیزبەندییەش هەر یەکێك لە مانەی باسمانکردن پێویستە پێهەڵستن، بەڵام هەرچی زانستی چینی سەرەوە، ئەم چینە ڕیزدارترینیان زانستە بەخوا (الله) بەرزبونەوە لە کردارەکانەوە بۆ سیفات و پادشانشینی خودی خوای گەورە، ئەمەش ئەم چینەیە کە زانستی دوا ڕۆژ و زانستی ڕێگای ڕاست و زانستی پاڵفتەکردنی دەرون جگە لەمانە

لەخۆدەگرێت، ئەمە بۆ کەسێك کە توانای ناسینی خوای گەورەی نەبێ بە تایبەت زانست بە خودی خواوەند، مەگەر کەسێك ئەندازەیەك لەبەخششەکانی پێیدرابێ، ئەگینا زۆربەی تێگەیشتنەکانی لێی ئالۆزدەبن و ناتوانن بە کارەکانیان هەست. مەگەر ئەو کەسانەی تامەزرۆن و ئارەزوی زانینی ڕاستییان هەیە سەرەڕای شارەزایی و ئاگاداریان بە زانستەکانی ڕواڵەت هەیە، بەو پەڕی زیرەکی لێبڕاو بیرتیژی و تێگەیشتنی زۆرە هەوڵی تێگەیشتنی زانستەکانی ڕواڵەت گەڕایی دەدەن. (الغزالی، 1979: 37)

کەواتە ئێمە لە بەرامبەر دوانەیی ڕواڵەت و ناوەڕۆکین کە پڕن لە تایبەتمەندی زانست و کە ئاست و تواناکانی مرۆڤ دەیسەپێنن، ئەو دوانەیەش هەڵدەستن بە قوڵبونەوە وتێگەیشتن لە دەقەکان و لێکدانەوەی دەقە ڕواڵەت وناوەکیەکان، چونکە دروستکراوەکان چەندین پێگەو سەرەتایەکی ڕوکاریان هەیە لەگەڵ ڕۆچونێك لە ناوەڕۆکدا، ئەگەر چەقبەستوی لە سروشت ڕوکاردا ڕوبدات ئەوە ڕێگر دەبێت لەڕۆچون لە ناوەڕۆکدا. (الغزالی، 2004: 1/ 285)

لەگەڵ ئەوەشدا قورئان گرنگی بە فراوانی تێگەیشتن واتاکانی داوە، غەزالیش پشتگیری لەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (د.خ) دەکات کە دەفەرموێت: ((ان للقران ظهرا وبطنا واحدا ومطلعا))، (بێگومان قورئان ڕوکارو ناوەڕۆکی هەیە سنوردارو ئاگاداربونی هەیە)). (أخرجه إبن حيان فی صحيحه من حديث ابن مسعود – 1/ 276)

هەندێ وتەی هەواڵانی هێناوە کە هەمویان بەو ئاڕاستەدا دەڕۆن، ئەویش ئەوەیە لە ئاییندا هەندێ واتای قوڵ هەن کە ئەو کەسەی دەستی گرتوە بە تەفسیری ڕواڵەتەکانەوە کە لەسەر گوزارشتێك یان زمانی شوێنێك بنیاتنراوە، ئەمە هەرچەندە دەبێ ئەوڕاستە بزانین کە تەفسیرو ڕاڤەکان پێویستن. ئەگینا دەبێت لە واتا قورئانییەکان قوڵ ببنەوە، چونکە هەمو شتێك لە دیدو بۆچونەکاندا ئیشکالیەت دروست دەکات، وخەڵکی تێیدا ڕا جیادەبن وهەندێ نیشانەو هێما هەن کە تەنها ئەهلی فەهم وتێگەیشتن درکیان پێی دەکەن. (الغزالی، 2004: 1/ 295) لەگەڵ ئەوەشدا چار نییە وەك گوتمان دەبێ شارەزاو ئاگادار بین بە زانستەکانی ڕواڵەت، لەبەرئەوە هەر کەسێك بانگەشەی تێگەیشتنی نهێنیەکانی قورئان بکات، بەڵام شارەزا نەبوبێت لە زانستەکانی ڕواڵەت ئەوە وەك ئەوە وایە بانگەشەی ئەوەی کردبێت چۆتە ناوەڕاستی ماڵێك بەڵام هێشتا دەرگای نەبڕیوە، یان پێیوایە لە مەبەستی زمانی تورکەکان دەگات بێ ئەوەی فێری زمانی تورکی بوبێت. (الغزالی، 2004: 2/ 292)

هەندێك جار دەبینین لای غەزالی بە دورو درێژی باسی لەو دابەشکاریە دەکات کە پێشتر باسمان کرد، لەم ڕەهەندەوە دەبینین لە کتێبێکی دیکەدا کە (مشكاة الأنوار)ە دەربارەی وڵاتیك پرسیار نوسراوە کە خاوەنەکەی بەدوای نهێنییەکانی خواوەیە بەڵام بەپێی ڕواڵەتی دەرەوەی ئەو ئایەت وهەواڵانەی ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکەن کە غەزالی لەو کتیبەدا باسی واتای ڕۆشنایی کردوە، کە چۆن ڕۆشنایی ڕاستەقینە بریتییە لە خوای گەورە، لەو پرسەدا هەر گروپێك تێگەیشتنی خۆی هەیە کە لە ئاست تواناو تێگەیشتنی خۆیدایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر جیاوازی و تێگەیشتنی مرۆڤ لەسەر بابەتە زانستییەکان کە نزمترین پلەی زانستییە و بەرزترین پێگەش هی کەسە تایبەتە تایبەتەکانە ئەوانەی تایبەتمەندی دەگمەنیان هەیە کە زیاتر ئەوانەی وردبینن لە ئەهلی بورهان و فەیلەسوفان.

بەڵام بە تایبەت ئەوانەی خاوەنی زانستەکانی کەشف و دەرخستن و زاناو شارەزان و بیرو هزریان لە جیهانی بینراوە و دەگوازنەوە بۆ جیهانی ئەودیو گەردون. لە خوارەوە دەگوازرانەوە بۆ چڵەپۆپەی ڕاستی. (الغزالی، 1383: 16 – 18)

لە کۆتاییدا پێویستە پرسیارێکی گرنگ بخەینەڕو: ئەویش ئەوەیە کە چۆن غەزالی بانگەشەی قوڵبونەوە لە نهێنییەکانی قورئان و ناوەڕۆکی واتاکان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتی بانگەشەی بابەتییەکانی کردوە، پێچەوانەی دەقەکان ودیاردەکانیان وەستاوەتەوە، جا ئەو سنورە چیە کە بەڵگەکانی ئیسلام لە جیاوازی نێوان ڕواڵەت وناوەڕۆکدا دیاریدەکات، غەزالیش خۆی هەستی بە گرنگی ئەو بابەتە کردبو، وەڵامێکی ڕونی بابەتەکەی داوەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە لەو بابەتە وا گوماندەبەن کە باوەڕمان بە لابردنی ڕواڵەتەکان هەبێت پێیمانوابێت دەبێت پوچەڵبکرێنەوە، پەنا بە خوا

پوچەڵکردنەوەی ڕواڵەتەکان تێڕوانینی بابەتییەکانەو، کە هەر بە چاوی پشتەوە دەڕوانن وهاوسەنگی ناکەن لە نێوان ڕوکارو ناوەڕۆکدا. (الغزالی، 1383: 35)

جا غەزالی بەم پێیە هەواڵی ئەوەی داوە، کە هاوسەنگی لە نێوان ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا بکات جا بەم پێیە ناکرێت واز لە ڕواڵەتەکان بهێنین و نە بەرپرسیاریەتەکانیش لەسەر مرۆڤ لادەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت لە واتا قورئانییەکان قوڵبینەوە. (مسعود، 2020: 16)

کەواتە دەقەکانی قورئان واتای ڕوکارو ناوەکیان هەیە، بۆیە پێویستیان بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن هەیە، لەبەرئەوەی واتای ڕواڵەتی تێکستەکان خەڵك دەتوانێت بەبێ شرۆڤەکردن لە واتاکانیان تێبگەن، لە چ ئامانجێکیان هەڵگرتوە، بەڵام واتە ناوەکیەکانی دەق بۆ کەمینەیەکی دیاریکراوە، کە توانای تێگەیشتنیان بۆ ئاستێکی باڵایەو کە تەنها ئەوانە لە واتای شاراوە و ناوەکی وئەو دەقانە دەزانن، کە واتای جیاواز هەڵدەگرن. (موسی، د.ت: 75)

لە کۆتاییدا عارف تامر لە کتێبی (الغزالی بین الفلسفە والدین)دا دەڵێت: ((غەزالی باوەڕیوایە پێویستە ئاین لەسەروی فەلسەفەوە بێت، بەکاربهێنرێت بەپێی ئامانج و مەبەست، یاخود بە واتایەکیتر ئاین بریتییە لە فەلسەفە)) (تامر، 1995: 76).

## ئەنجام

لە توێژینەوەی پرسی گونجانی نێوان ئاین و فەلسەفە لە دیدی غەزالیدا دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

1- غەزالیش ئەو پرسە گرنگە دەخاتەڕو کە قورئان بیرکردنەوە بە ئەرك دەزانێت. چەند دەقێکی قورئان دەگاتە بەڵگە.

2- غەزالی ئەوە دەسەڵمێنێت کە حەق دژی حەق نییە واتا ئاین و فەلسەفە هەردوکیان حەقن و هیچ دژی یەك نین.

3- لە قورئانی پیرۆزدا دەقگەلێك هاتون حەشەوییەکان تەئویلیاننەکردون بەڵام موعتەزیلەو فەیلەسوفان زیادەڕەویان لە تەئویلدا کردوە، ئەگەرچی غەزالی ناوەندگیر بوە، ئەوەی پێویستی بە تەئویل بوبێت تەئویلیکردوە ئەوشی پێویستی بە تەئویل نەبوبێت بە ڕواڵەتی هیشتوێتێوە.

4- غەزالی تەئویلی سپاردوە بەو زانایانەی کە لە زانستدا ڕۆچون قەدەغەی کردوە کە خەڵکی ئاسایی دەست بۆ ئەم کارە بەرن.

5- غەزالی ئەوە دەخاتەرو کە قورئان ڕواڵەت و ناوەڕۆکە ڕواڵەتەکان پەیوەستن بە خەڵکی ئاسایی و ناوەکییەکانیش پەیوەستن بە زاناکانەوە .

6- دوای مشتومڕێکی زۆری فەیلەسوفان ئەوە سەلمێنرا کە ئایین و فەلسەفە هاوڕای یەکترن.

## لیستی سەرچاوەکان

ابن کثیر (٢٠١٤) تفسیر ابن کثیر، ج2، و: علی حاجي عبد الله پریسی، ناوەندی ڕۆشنبیر، چ2، ب.ش.

ابن کثیر (٢٠١٤) تفسیر ابن کثیر، ج3، و: علی حاجي عبد الله پریسی، ناوەندی ڕۆشنبیر، چ2، ب.ش.

ابن کثیر (٢٠١٤) تفسیر ابن کثیر، ج4، و: علی حاجي عبد الله پریسی، ناوەندی ڕۆشنبیر، چ2، ب.ش.

ابن کثیر (٢٠١٤) تفسیر ابن کثیر، ج5، و: علی حاجي عبد الله پریسی، ناوەندی ڕۆشنبیر، چ2، ب.ش.

اخرجە ابن حبان في كتاب العظمة (299/1) في حديث أبي هريرة.

الزهبی(2004)سیر اعلام النبلاء، ج11، تحقیق: عبدالقادر، دار المکتبة العلمیة، بیروت.

الزهبی(2004)سیر اعلام النبلاء، ج7، تحقیق: عبدالقادر، دار المکتبة العلمیة، بیروت.

الغزالي (2004)، احیا العلوم الدین، ج1، تحقیق: سعید عمران، دار الحدیث، ط1، القاهرة.

الغزالي (2004)، احيا العلوم الدين، ج2، تحقيق: سعيد عمران، دار الحديث، ط1، القاهرة.
الغزالي (2004)، احيا العلوم الدين، ج3، تحقيق: سعيد عمران، دار الحديث، ط1، القاهرة.
الغزالي (2004)، احيا العلوم الدين، ج6، تحقيق: سعيد عمران، دار الحديث، ط1، القاهرة.
الغزالي، (٢٠٠٣) الاربعين في أصول الدين ، تحقيق: عبدالله عبد الحميد عرواني، دار القلم، دمشق.
الغزالی، (١٩٩٢) قانون التاويل، تعقيق: محمود بيجو، د.مط، ط1، د.م.
الغزالی، (د.ت) الاقتصاد في الاعتقائد، تحقيق: انس محمد عدنان الشرقاوي، دار المنهاج، د.ط، د.م.
الغزالی، (٢٠١١) المتصفى من علم الاصول، ج1، تحقيق: محمد عبد الرحمن المرعشلى، دار النفاس، ط1، بيروت.
الغزالی، (٢٠١١) المتصفى من علم الاصول، ج2، تحقيق: محمد عبد الرحمن المرعشلى، دار النفاس، ط1، بيروت.
الغزالي، (د.ت) المنغول من تعليقات الاصول، تحقيق: محمد حسن هيتو، دار الفكر، د.ط ، د.م.
الغزالي، المتقيم (٢٠١١)، ضمن مجموعة رسائل الغزالي، دار الكتب العلمية، ط5، بيروت.
الغزالي، (د.ت) فيصل التفرقة بين الاسلام والزندقة، ضمت مجموعة رسائل الغزالي، دار الكتب العلمية، ط5، بيروت.
الغزالي، (٢٠١٢) الجام العوام عن العلم الكلام، صححه: احمد حسن محمد عمر، المكتبة الأزهرية للتراث، ط4، القاهرة.
الغزالي، (١٩٨٤) جواهر القرآن، تحقيق: الشيخ محمد رشيد رضاء القباني، قصرالكتاب، ط3، البليدة.
الغزالي، (١٩٩٥) ميزان العمل: تعليق: على بوملهم، دار و مكتبة الهلال، د.ط، بيروت.
الغزالي (١٩٧٩) المنقذ من الضلال، تحقيق: عبد الحليم محمود، دار الكتاب اللبناني، بيروت.
الغزالی (١٣٨٣) مشكاة الانوار، تحقيق: ابو العلاء عفيفى، دار الحديث، د.ط، القاهرة .
الموسوى ، موسى (1989) من الكندي الى ابن رشد، منشورات، عويدات، ط4، بيروت.
المجيدل، عبد الله والسناد، جلال (٢٠١٦) المدخل إلى الفلسفة، منشورات جامعة دمشق، د.ط، دمشق.
الدينيوري، ابن قتيبه، (١٩٥٤) تأويل مشكل القران، تحقيق: السيد احمد صقر، صبحة الحلبي، د.ط. القاهرة.
ابن رشد، (٢٠٠٧) فصل المقال، تحليلة: محمد عابد الجابري، مركز دراسات الوحدة العربية، د.ط، بيروت.
دنيا، (1980) الحقيقة في نظر الغزالی، دار المعارف بمصر، ط4، القاهرة.
موسى، محمد يوسف، (د.ت) ابن رشد الفيلسوف، دار احياء الكتب العربية، د.ط، د.م.
حمو، محمدايت، (٢٠١٢) العقل الحجاج بين الغزالي وابن رشد، جداول للنشر والتوزيع، ط1، بيروت.
فاطمى، فتيحه، (٢٠١١) التأويل عند فلاسفة المسلمين ابن روشد، نموذجا، جداول للنشر والتوزيع، ط1، بيروت.
عبد المهمين، احمد، (2001) اشكالية التأويل بين كل من الغزالي و ابن رشد، دار الوفاء، ط1، الاسكندرية .
https://www.noor-book.com
https://www.facebook.com

**پەراوێزەکان:**

--------------------------------

[1] غەزالی: ناوی (محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی غەزالیە) ناسناوی ئەبو حامیدە بە (حجة الاسلام، أعجوب الزمان، زين العابدين، بركه الانام، مفتي الامه، شريف الائمه) ناسراوە لە ساڵی (450ك – 1059ز) لە گوندی تابوران سەر بە شاری (توس) لە ئێران لەدایکبوە، لەسەر دەستی (إمام الحرمين جويني) فێری زانستە شەرعیەکان بوە. یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی هزری ئیسلامی و لەلایەن (نظام الملك)ی وەزیری سەلجوقییەوە کراوە بە مامۆستای خوێندنگای نیزامیە لە بەغداد، دژی باتینیەکان وەستاوەتەوە (الذهبی، 2004: 12/ 186)

[2] فارابی: (259 – 339ك / 870- 950ز) محمدی کوری محمدی تەرقانە، لە شاری فارابی کازاخستان لەدایکبوە، بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیسلامی دادەنرێت لە دوای ئەرستۆ بە دوەم فەیلەسوف ناوەزەندکراوە (الذهبی، 2004: 231/7)

[2] سلیمان دنیا): نوسەرێکی دیاری زانکۆی ئەزهەرەو زیاتر لە بارەی غەزالی و ئیبن ڕوشدەوە دەنوسێت، کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی غزالی و (تهافت التهافت)ی ابن رشد و (الاشارات والتنبيهات)ی ئیبن سینای تحقیق کردوە. https://www.noor-book.com

[3] احمد عبدالمهيمين: نوسەرێکی میسریە خاوەن کتێبی (اشكاليه التأويل بين كل من الغزالي وابن رشده) (نظرية المعرفة بين ابن رشد وابن العربي)ی . https://www.facebook.com